# ئەفسانەی مردن

**مرسیا ئیلیاد**

**و: ئیبراهیم فەتاح**



**(مرسیا ئیلیاد 1908 – 1986)**

ڤارنەر لیۆد Warner W. Lloy لە وەسفکردنی ئەو قۆناخە بڕیاردەرانەدا، کە ژیانی مرۆڤی ئەبۆریجینی ئوسترالی ڕەنگڕێژ دەکەن، دەڵێت: " بوونەوەر لە پێش لەدایکبوونیدا ڕۆحێکی پوختەیە. لە قۆناخی یەکەمی ژیانیدا، واتە کاتێك دەگاتە ئەو پلە کۆمەڵایەتییەی ئافرەت هەیەتی، بە تەواوی دەبێتە بوونەوەرێکی سەر بە جیهانی دونیایی، واتە خەسڵەتی ڕۆحانیی پێوە نەماوە، پاشان چەندێ بەساڵدا بچێت و لە کۆتاییەکەی نزیك بێتەوە، زێتر و زێتر دەبێتە بابەت/ کەرەستەی پراکتیکە سروتی و پیرۆزەکان، تاوەکو ئەوەی لە سەروەختی مردندا دەبینێت سەرلەنوێ خەسڵەتە ڕۆحانی و پیرۆزییەکەی بۆ گەڕاوەتەوە".

زۆر لە هاوچەرخانمان – بۆچوونیان بەرامبەر بە مردن هەرچۆنێك بێت– پێیان قبوڵ نییە مردن

شێوەیەکی وجودیی بێت، سەرتاپای ڕۆحانی و پیرۆزی. لای ئەوانەی باوەڕیان نییە، بەر لەوەی خودی ژیان هەموو ماناکانی خۆی لەدەست بدات، مردن لە هەموو ناوەڕۆکێکی ئاییینی بێبەری کراوە، لای هەندێك کەس، ئاشکرابوونی بێمانایی مردن کەوتووەتە پێش ئاشکرابوونی بێهوودەیی و بێمانایی ژیان.

هەروەك شیکارکارێکی دەروونیی نەناسراوی بەریتانی دەڵێ: "بە ساویلکەیی لەدایك دەبین، ئینجا مۆراڵێك بە خۆمان دەبەخشین، بەوەیش دەبینە دەبەنگ و داماو و پاشان (لە کۆتاییدا) دەمرین". ئەم بەشەی کۆتایی ڕستەکە: "پاشان دەمرین"، بە ڕەوانی گوزارشت لەو درکپێکردنە دەکات، کە مرۆڤی خۆرئاوایی دەربارەی چارەنووسی خۆی هەیەتی. ئەم درکپێکردنە، جیاوازە لەوەی لای زۆر کلتوری تر تێبینی دەکەین، کە دەبینین مرۆڤ تیایاندا تەقەللای پێدزکەکردن بۆ نێو نهێنیی مردن و هەوڵی ناسینی دەلالەتەکانی دەدات. ئێمە هیچ کلتوورێك ناناسین، ئەو دوو وشەیەی "پاشان دەمرین" تیایاندا ئاسایی نەبن، بەڵام ئەم سەلماندنە تۆخەی مردنی حەتمی مرۆڤ ، بێبەها دەمێنێتەوە، ئەگەر بە دابڕاوی لە چوارچێوە ئەفسانەییەکەی تێی بڕوانین.

پێویست بوو ڕستەکە- بۆ ئەوەی هاوئاهەنگ و ماقووڵ بێت- لەبری "پاشان دەمرین" بەم شێوەیە کۆتایی بهاتایە: " لەبەر ئەوە دەمرین". بە کردەوە لە زۆربەی کلتوورەکاندا دەبینین، ڕوودانی مردن {لەم دونیایەدا} وەك ڕووداوێکی خراپ دەخرێتە ڕوو، کە لە سەرەتاکاندا ڕووی داوە و بە ئەنجامی ڕووداوێکی ڕۆژگارە بەراییەکان دادەنرێت، چونکە مردن لای باپیرە سەرەتاییەکان نەناسراو بووە. بەزانینی چۆنییەتیی ڕوودانی یەکەمجاری مردن لە جیهاندا، لەهەمانکاتدا مرۆڤ پەی بە هۆی مردنی خودی خۆی دەبات. ئێمە دەمرین، چونکە لە سەرەتاکاندا ئەم یان ئەو شت ڕووی داوە. هەرچەند وردەکارییە ئەفسانەییەکان دەربارەی ڕەچەڵەکی مردن فرەجۆر بن {یەکەم مردنێك، کە لە زەماندا ڕووی داوە}، وەلێ ئەم ئەفسانەیە لێکدانەوەیەك بە مرۆڤ دەبەخشێت سەبارەت بە مردنە تایبەتییەکەی خۆی.

هەروەك دەزانین، کەمن ئەو ئەفسانانەی ڕوودانی مردن {لەم دونیایەدا} بەجۆرێك لێك دەدەنەوە، کە ئەنجامی گوێڕایەڵی نەکردنی مرۆڤە بۆ ڕاسپاردە خوداییەکان، زۆریشن ئەو ئەفسانانەی مردن بە کردارێکی سزادان و ناڕەوایانەی بوونەوەرێکی شەیتانییەوە گرێ دەدەن، بۆ نمونە، هاوشێوەی ئەم بابەتە ئەفسانەییانە لای خێڵە ئوسترالییەکان و هەروەها لە خورافە بڵاوەکانی نێو ئاسیای ناوەڕاست و سیبریا و ئەمریکای باکووردا دەدۆزینەوە، کە پێیان وایە یەکێك لە دوژمنەکانی خواوەند مردنی لە جیهاندا دروست کرد. زۆربەی ئەفسانەکان لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا، مردن وەك ڕووداوێکی پەڕپووت یان وەك ئەنجامی هەڵبژاردنێکی دەبەنگانەی پێشینانە یەکەمینەکان دادەنێن و ڕەنگە خوێنەریش، ئەفسانە دەگمەنە خەندەبزوێنە زۆر و ناسراوەکانی بەیاد بێتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی ئەفریقیا. بەگوێرەی یەکێك لەوانە: خوا نامەی نەمریی بە تیڕتیڕەو (الحرباء) و نامەی مردنی بە دووپشکدا بۆ باپیران نارد. بەڵام تیڕتیڕە لە ڕێگادا دواکەوت، ئیدی دووپشك لە پێڕاگەیاندنی نامەکەدا پێشکەوت، بەهۆی ئەوەوە ڕوودانی مردن لە جیهاندا هاتە ئارا.

ئەوە وێناکردنێکی بێهودەیی مردنە، کە دەگمەنە لەوە جوانتر بدۆزینەوە، لەوە دەچێت سەرقاڵی خوێندنەوەی یەکێك لە کتێبە وجودییە فەڕەنسییەکان بین! لەڕاستیدا گواستنەوە لە بوونەوە بۆ نەبوون (لە ژیانەوە بۆ مردن) هێندە ناڕۆشنە، کە لێکدانەوەیەکی شایستەی گاڵتەجاڕی پێکردن دەکاتە قایلکەر، چونکە بە شێوەیەکی پێکەنیناوی بێهودەیە. ئەم چەشنە ئەفسانانە، {بوون}ی تیۆلۆژیای وشەی توندوتۆڵ و داڕێژراو پێویست دەکەن. خوا لەبەر هۆیەکی ساکار نەیدەتوانی بڕیاڕی خۆی بگۆڕێت، چونکە هەر هێندەی

وشەکانی دەپەیڤاند، ئیدی ئەو وشانە لەسەر ئەرزی واقیع دروست ببوون.

ئەفسانانەکانی هاتنەئارای مردن، بۆ هەڵسوکەوتێکی دەبەنگانەی باپیرە ئەفسانەییەکان دەگەڕێنەوە، ئەفسانەگەلێکی کاریگەرن، بۆ نموونە، ئەفسانەیەکی میلانیزی هەیە، دەڵێت: باوو باپیرەکانی پێشوو، هەرچەندە بە ساڵدا بچوونایە، گەنجێتییەکەی خۆیان دەست دەکەوتەوە، ئەوەیش بە پۆشینی پێست/کاژێکی نوێ، هەروەکو مار، بەڵام جارێکیان پیرەژنێك، دوای دەستکەوتنەوەی گەنجێتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، وەلێ بە لای کوڕەکەیەوە نامۆ بوو و نەیتوانی بیناسێتەوە، ئەویش بۆ هێورکردنەوەی کوڕەکەی کاژ/پێستە کۆنەکەی پۆشییەوە. ئیدی لەو کاتەوە، مرۆڤ بووە بە بوونەوەرێکی سەرتیاچوو ( فانی).

پاشان ئەفسانە ئەندۆنیسی قەشەنگ دەربارەی بەرد و مۆز باس دەکەین. بە گوێرەی ئەم ئەفسانەیە، لە سەرەتادا ئاسمان لە زەوییەوە نزیك بووە و خالیق (خوا) ڕاهاتبوو لەسەر ئەوەی بە هۆی پەتێکەوە دیاری بۆ مرۆڤ شۆڕ بکاتەوە. ڕۆژێکیان لەبری دیاری بەردێکی شۆڕکردەوە. باوو باپیرانیش ئەوەیان پێ قبوڵ نەکراو ڕوویان کردە خالیقەکەیان پێیان وت: " ئەرێ چ پێداویستییەکمان بەم بەردە هەیە؟ شتێکی ترمان بدەرێ". خواوەندیش داواکەیانی بەجێگەیاند و پاش چەند ڕۆژێك مۆزی بۆ شۆڕکرنەوە و خەڵك پێی شادمان بوون، هەر ئەوکاتەیش دەنگێك لە ئاسمانەوە بە باوو باپیران گەیشت و وتی: لەبەرئەوەی ئێوە مۆزتان هەڵبژارد، ئەوا ژیانتان وەك ژیانی مۆز دەبێت، چونکە کاتێك درەختی مۆز خەڵفی نوێی کرد، ئیدی لقە ئەسڵییە بەرگرەکەی دەمرێت، ئێوەیش ئاوا دەمرن و منداڵەکان جێتان دەگرنەوە. ئەگەر ئێوە بەردتان هەڵبژاردایە، ئەوا ژیانیشتان وەك ژیانی بەرد دەبوو، واتە جێگیر و نەمر.

ئەم ئەفسانە ئەندۆنیسییە زۆر بە وردی دیالێکتیکی ژیان و مردن ( دیالێکتیکە نهێنییەکە) وێنا دەکات. بەرد سیمبۆڵە (ڕەمزە) بۆ خۆڕاگری و ئەبەدیبوون و لەمیشەوە بۆ بەردەوامبوونی بێکۆتایی لە بووندا، لەهەمانکاتیشدا، بەرد سیمبۆڵە بۆ تاریکی و بێجووڵەیی و ڕاوەستاوی. لەکاتێکدا ژیان بە شێوەیەکی گشتی و سروشتی مرۆیی بە شێوەیەکی تایبەتی، سیمای ئەفراندن و ئازادییان هەیە، ئەمەیش لە کۆتاییدا واتە ئەفراندن و ئازادیی ڕۆحی. بەو چەشنە مردن دەبێتە یەکێك لە پێکهێنەرەکانی سروشتی مرۆیی، چونکە ئەزموونی مردن، وەك پاشتر دەبینین، بریتییە لەوەی بیرۆکەی ڕۆح و بوونەوەرە ڕۆحانییەکان دەکاتە بیرۆکەیەکی ماقوڵ.

پوختەی قسە ئەوەیە، هۆی ڕوودانی یەکەم مردن هەرچییەك بووبێت، ئەوا مرۆڤ بەو پێیەی بوونەوەرێکی هۆشیارە دەربارەی مردنەکەی، لەبەرئەوەی هەر بە تەنیا ئەویش هۆشیارە، بۆیە توانیی بگات بەوەی ئێستا هەیە و چارەنووسی جۆرەکەی دیاری بکات.

هێنری جیمس دەڵێت: "یەکەم و گەورەترین خزمەتگوزارییەك حەوا پێشکەشی ئادەمی کردبێت، ئەوەیە کاری بۆ دەرچوونی لە بەهەشت کرد". بەهەرحاڵ ئەمە شێوازێکی هاوچەرخی خۆرئاواییە بۆ تێڕوانینی کارەساتە بنەچەییەکە، واتە لەکیسچوونی بەهەشت و نەمریی. هیچ کلتوورێك نییە وەك کردەیەکی چاکە تەماشای مردن بکات. بەپێچەوانەوە، هێشتا لای هەندێك کۆمەڵگای لەمێژینە[1]، بیرۆکەی نەمریی مرۆڤ دەبینین، واتە ئەوان باوەڕیان هەیە بەوەی دەشێت مرۆڤ تاوەکو بێکۆتایی بژی، بەو مەرجەی کارکردێکی شەڕانگێز کۆتاییەك بۆ ژیانی دانەنێت. بە دەربڕینێکی تر، مردنێکی سروشتی شتێکی قبوڵ نەکراوە. هەروەك چۆن باوباپیران بەخۆڕایی یان بەهۆی پیلانێکی شەیتانییانەوە ئەبەدییەتی خۆیان لەکیس چوو، ئەوا ئەمڕۆیش مرۆڤ وەك قوربانیی جادوو یان دێوزمە یان وەك قوربانیی دەستدرێژیکارە پشت سروشتییەکان دەمرن.

لەگەڵ ئەوەیشدا هەروەك ئەوەی ئەفسانەی بەردو مۆزەکە بە شێوەیەکی جوان ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوا

مردن لە نێو زۆر لە كلتووره ڕەسەنەكاندا وەك تەواوكەرێكى زەروورىى ژيان تەماشا دەكرێت، ئەمەيش پێش هەموو شتێك واتە: مردن ڕەوشى ئەنتۆلۆژيى مرۆڤ دەگۆڕێت. جيابوونەوەى گيان (دەروون) لە جەستە، دەبێتە هۆى لەدايكبوونى شێوازێكى بوونى نوێ، كە تێيدا مرۆڤ تەنيا لە لايەنى ڕۆحييەوە ئامادەيى هەيە، واتە دەبێتە نەفسێك، دەبێتە ڕۆحێك.

## سيمبۆڵداريى كۆسمۆلۆژييانەى سرووتەكانى مردووناشتن

زۆر لە كلتوورەكان ئەو باوەڕە پەرە پێدەدەن، كە پێى وايە جيابوونەوەى گيان لە جەستە، كە يەكەمين مردن دروستى كرد، هاوشانە لەگەڵ گۆڕانێكى بونيادگەراييانەى سەرتاپاى گەردوون. ئاسمان پاشەكشەى لە نزيكيى خۆى لە زەوى كرد و هۆكانى گەياندنى نێوانيان بڕا. {بنبڕبوونى درەخت يان پەيژەى پێكەوە گرێدەرى نێوانيان يان تەختبوونى چياى گەردوونى}، لەو كاتەيشەوە ئيدى ئاسان نەبوو دەست بە خواوەندەكان ڕابگات، هەروەك ئەوەى پێشتر هەبوو. ئەو خواوەندانە لە سەرەوەى ئاسمان دەژيان، كە بێجگە لە شامان[2] و جادووگەران، كاتێك لە حاڵەتى لەخۆچووندا (حاڵلێهاتن) يان لە حاڵەتێكى ڕۆحانيدا دەبن، كەسى تر ناتوانێت پێيان بگات.

باوەڕێكى تر هەيە پێى وايە كاتێك خاليق يەكەم مرۆڤى خولقاند، ڕۆحێكى پێ بەخشى، بەڵام ئەوە زەوى بوو، كە ئەركى بوونياتنانى جەستەى گرتە ئەستۆ. بە گوێرەى ئەوەيش لە كاتى مردندا هەردوو ڕەگەزەكە دەگەڕێنەوە بۆ ڕەچەڵەكى خۆيان: جەستە دەگەڕێتەوە بۆ خاك (زەوى) و ڕۆح دەگەڕێتەوە لاى خاليقە ئاسمانييەكەى.

ئەم شێوە لێكچووانەى نێوان وێناكردنى گەردوون و وێناكردنى مرۆڤ و پاشان مردن، ڕەنگدانەوەى گريمانە خەياڵكراوەكانى دەربارەى مەرگن. ئێمە دەزانين لە كۆمەڵگا تەقليدييەكاندا، پاش كۆتاييهاتنى مەراسيمەكانى مردووناشتن نەبێت، بەو شێوەيەى دابونەريت دەيسەپێنن، مردن بە دياردەيەكى ڕاستەقينە دانانرێت. بە دەربڕينێكى تر، مردنى فيسيۆلۆژى تەنيا ئاماژەكردنە بۆ پێويستبوونى ڕاپەڕاندنى كۆمەڵێك پرۆسەى سرووتئامێز بە مەبەستى داڕشتنى پێناسەيەكى نوێ بۆ مردووەكە، ئەوەيش پێويست دەكات جەستە بە شێوازێكى ديارىكراو چارەسەر بكرێت، كە تواناى نەبێت لە ڕێگەى جادووەوە زيندوو ببێتەوەو ببێتە سەرچاوەى هەڵسوكەوتى شەڕانگێزانە. لەوەيش واوەتر پێويستە ڕۆح بەرەو شوێنى خۆى ڕێبەرى بكرێتو لە ڕێگەى سروتەوە، لە نيشتەجێبوونى ئەو شوێنەدا، ئاوێزان بكرێت.

بە داخەوە شتێكى زۆر كەم دەربارەى سيمبۆڵە ئايينييەكانى مەراسيمى مردووناشتن لە كۆمەڵگا كۆن و تەقليدييەكاندا دەزانين. ئەم نەزانينيەمان كاتێك بۆ ڕۆشن دەبێتەوە، كە لێكدانەوەيەكى ئەنترۆپۆلۆژييانەى هاوچەرخ دەربارەى سروتێكى مردووناشتن دەخوێنينەوە، كە دەرفەتى تێدا ئامادەبوون و لە نزيكەوە بينينى بۆ هەڵكەوتووە، ئەو بەشداريكردنەيش بوارى پێداوە پرسيارى ناوەڕۆكەكەى بكات، ئەويش زاناى ئەنترۆپۆلۆژى كۆلۆمبى Reichel-Dolmatoff، كە لە مەراسيمى ناشتنى كچێكى گەنجى خێڵى كۆجى Kogi لە Sierra Nevada لە Santa Mariaئامادە ببوو. وەسفێكى كردووە، هێشتا هێندەى پێويست ناسراو نييە، لەبەرئەوە بە هەموو دڵنياييەكەوە شايستەى ئەوەيە كورتەيەكى بخەينە ڕوو.

پاش ئەوەى شامان شوێنى گۆڕەكە هەڵدەبژێرێت، زنجيرەيەك جوڵانەوەى سروتئامێزانە دەكات، پاشان هاوار دەكات: ئێرە گوندى مردنە. ئەمە ماڵەوەيە، ماڵى مەراسيمەكانى مردن. ئێرە منداڵدانە. ماڵەكە ئاوەڵا دەكەم، ئاوەڵاى دەكەم! پاشان ڕادەگەيەنێت: "ماڵەكە كرايەوە" و ئەو شوێنەى پێويستە گۆڕەكەى تێدا

هەڵبکەنرێت نیشانی خەڵکەکە دەدات. وردە بەردی سەوز و توێکڵ و گوێچکەماسیی پێچاوپێچ دەخرێتە قوڵایی گۆڕەکەوە. پاش ئەوە شامان بێهودە هەوڵدەدات تەرمەکە بەرز بکاتەوە، بەوەیش سەرنج بۆ قورسیی تەرمەکە ڕادەکێشێت، بە جۆرێك کە لە جاری نۆیەمدا توانای بەرز کردنەوەی دەبێت. تەرمەکە بە شێوەیەك، کە سەری بەرەو خۆرهەڵات بێت، دەخرێتە ناو گۆڕەکەوە، ئینجا شامانماڵەکە دادەخات، واتە چاڵەکە (گۆڕەکە) پڕدەکاتەوە. پاشان کۆمەڵێك جوڵانەوەی سروتی بە دەوری گۆڕەکەدا دەکرێت و لە کۆتاییدا هەموان بەرەو ماڵەوە دەگەڕێنەوەو مەراسیمەکە نزیکەی دوو کاتژمێر دەخایەنێت.

ئەو زانا ئەرکۆلۆژییەی دەست بە هەڵدانەوەی ئەو گۆڕە دەکات، هەروەك Reichel-Dolmatoff ئاماژەی بۆ دەکات– ئێسکەپەیکەرێكو کەللەسەرێکی ڕوو لە خۆرهەڵات دەدۆزێتەوە، پاشان هەندێك وردەبەرد و گوێچکەماسی. لێ ئەو سرووت و ئایدیۆلۆژیایەی لە هەناویدا شاراوەیە، ناتوانرێت لەگەڵ شتەکانی تردا بدۆزرێنەوە، سەرباری ئەوەیش تێگەیشتنی سیمبۆڵییەتی مەراسیمەکە بە لایەن چاودێری بێگانەوە سەختە، ئەگەر شارەزای سەرتاپای ئایینی" کۆجی" نەبێت، چونکە " گوندی مردن" و "مەراسیمەکانی مردن"، وەك Reichel-Dolmatoff تێبینیی کردووە، بریتییە لە ئاڵوگۆڕپێکردنێکی وشەسازییانەی وشەی " گۆڕستان" ، وەلێ " ماڵ" و " منداڵدان" لەبری دانانی وشەیی " گۆڕ"ن، ئەمەیش ئەو شێوە کۆرپەییەی جەستە وەریگرتووە، کە لەسەر لای ڕاستی درێژ بووە، ڕۆشن دەکاتەوە.

وشە لەبری دانانی تریش لە مەراسیمەکەدا هەن، وەك "تێشووی مردووان" لە بری وشەی "قوربانی" و هەمان شتیش بەلایەن سرووتە پابەندەکان بە "کردنەوە"و "داخستن"ی "ماڵ / منداڵدان"ەوە، مەراسیمەکەیش بە پاکژکردنەوەیەك کۆتایی دوایی پێدەهێنرێت.

سەرباری ئەوانەی پێشوو" کۆجییەکان"، گەردوون {کە بریتییە لە منداڵدانی دایکی گەردوونی}و هەموو گوندێك یان ماڵێك یان گۆڕێك لێك دەچووێنن. کاتێك شامان تەرمەکە نۆ جار بەرز دەکاتەوە، دەلالەتە لەوەی جەستەکە دەگەڕێتەوە بۆ بارە کۆرپەییەکەی و بە ڕێگایەکی پێچەوانەدا ئەو نۆ مانگەی گوزارشت لە ماوەی سکپڕی دەکەن، دەبڕێت. وەك چۆن گۆڕ بە هاوشێوەیەکی گەردوون دادەنرێت، ئەوا قوربانییەکانیش دەلالەتێکی گەردوونی وەردەگرن، سەرباری ئەوەیش بە قوربانیکراوەکان، واتە"تێشووی مردووان"، دەلالەتێکی سێکسیشیان هەیە، چونکە کرداری خواردن لە ئەفسانە و خەون و ئاهەنگەکانی هاوسەرگیریدا (الزواج) سیمبۆڵە بۆ کرداری سێکسکردن، بێجگە لەوانەیش قوربانییەکان سیمبۆڵی تۆوێکن (سپێرم)، کە دەبنە هۆی ئاوسکردنی دایکی گەردوونی. لێ مانا سیمبۆڵییەکانی توێکڵەکان ئاڵۆزن، چونکە ناوەڕۆکەکەیان تەنیا سێکسی نییە، بەڵکو سیمبۆڵن بۆ ئەندامە زیندووەکانی خێزانەکە، گوێچکەماسییە لوولپێچەکەیش سیمبۆڵە بۆ"مێرد"ی مردووەکە، چونکە کاتێك کچەکە دەگاتە دونیاکەی تر و هێشتا پاکیزەیە، ئەگەر گۆڕەکەی گوێچکەماسی تێدا نەبێت، ئەوا داوای مێردێك دەکات، ئەوەیش دەبێتە هۆی مردنی لاوێکی خێڵەکە.

## مردنی سرووتئامێزی و حاڵلێهاتن

نمونەکەی پێشوو بۆمان ڕۆشن دەکاتەوە پەی پێبردنی ئێمە چەند بێتوانایە لە تێگەیشتنی سیمبۆڵە گەردونییەکانی مرۆڤداو لە مەسەلەی پابەند بە مردووناشتنێکی تەقلیدییدا، هەروەها چەند بێتوانایە لە زانینی کۆڵەکە ئایینییەکانی مردندا لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا، وەلێ ئێمە سەرباری ئەوەیش دڵنیاین لەوەی مردن لە کۆمەڵگا تەقلیدییەکاندا بە لەدایکبوونی دووەم دادەنرێت – یان پێشتر پێیان وا بووە– لە پێناوی

دەستپێکردنی ژیانێکی "ڕۆحی"ی نوێدا. لێ ئەم لەدایکبوونە وەك لەدایکبوونی جاری یەکەم لەدایکبوونێکی بایۆلۆژیی سروشتی نییە. واتە لەبەرئەوەی ئاسایی نییە کەواتە پێویستە لە ڕێگەی سرووتەوە بخولقێنرێت، بەم شێوەیش مردن دەبێتە تەڵقیندان، واتە دەروازەیەك بۆ شێوازێکی نوێی بوون.

هەروەك دەزانین هەر تەڵقیندانێك لە بنچینەدا لە مردنێکی سیمبۆڵیدا ڕەنگ دەداتەوە، کە لەدایکبوونێکی نوێ یان سەرلەنوێ زیندووبوونەوەی بەدوادا دێت، وێڕای ئەوەیش هەر گواستنەوەیەك لە شێوازێکی بوون/ەوە بۆ شێوازێکی تری بوون، بە ناچاری کردەی مردنێکی سیمبۆڵی تێدایە. پێویستە مرۆڤ لە ڕەوشە پێشینەکەیدا بمرێت، تاوەکو بەرەو ڕەوشێکی تر بەرز ببێتەوە، واتە لە پێناوی لەدایکبوونێکی نوێی باڵاتردا بمرێت. هەرزەکار (المراهق) لە میانەی سروتی تەڵقیندانی تایبەت بە باڵقبووندا لە ڕەوشە بایۆلۆژییە سروشتییەکەیدا دەمرێت، واتە وەك هەرزەکارێك دەمرێت پاشان وەك بوونەوەرێکی ڕۆحی سەرلەنوێ لەدایك دەبێتەوە، ئەوەیش توانای چوونە ناو بەها ڕۆحییەکانی خێڵی پێدەدات.

لە بواری پرۆسەی تەڵقینداندا ئەوانەی تەڵقین دەدرێن بە مردوو دادەنرێن‌و وەکو ڕۆح ڕەفتار دەکەن. لەم حاڵەتانەدا پێشبینیکردنێکی –تاڕادەیەك– ڕاستەقینەی مردن تێبینی دەکرێت، واتە پێشبینیکردنی ڕۆح بۆ شێوازی بوونەکەی، هەروەها لە هەندێك کلتووردا باوەڕێك هەیە دەڵێت ئەوانەی بە شێوەیەکی ڕاست سروتی تەڵقیندانیان کردووە، بریتین لەوانەی پاش مردن بوونێکی ڕاستەقینانەی مردن درك پێدەکەن، لێ ئەوانەی تر چارەنووسیان وەرگرتنی ڕەوشێکی سەرەمێلکەییە یان دووبارە تووشی مردن دەبنەوە.

{سروتی تەڵقیندان یان تێپەڕین Initiation : بریتییە لە جۆرێك سروتی تایبەت لە کۆمەڵگا تەقلیدییەکاندا، بۆ گوزارشتکردن لە گواستنەوە لە ڕەوشێکەوە بۆ ڕەوشێکی تر، لە نمونەکەی سەرەوەدا لە هەرزەکارییەوە بۆ باڵقی، واتە لە جۆرێك لە نائاقڵییەوە بۆ ڕەوشێکی ئاقڵی و لە باری متمانە پێنەکردنەوە بۆ باری متمانە پێکردن، هەروەها لە هەندێك ئایین و باوەڕی کۆندا، سروتێکە بۆ پاکژکردنەوەی ئەوانەی تازە دێنە ناو ئایینەکەوە، پاکژکردنەوە لە هەڵەو بێئاگایی پێشووتری‌و گۆڕینی بە کەسێکی پاکژ و هەڵگری باوەڕێکی نوێ‌و شایستەی متمانەپێکردن‌و شارەزاکردنی لە ناوەڕۆکی ئایینەکە.

لای ئێمەیش، وشەی تەڵقین، هەر هەمان مانای فێرکردن و گواستنەوەی هەیە، وەك لە حاڵەتی بوون بە دەروێش و وەرگرتنی کەراماتدا. لێرەدا وشەی کەرامات، کە لە دەروێشیدا بە مانای جۆرێك ئاگایی‌و شارەزایی و پێشبینیکردن و توانای تایبەتی بەکار دەهێنرێت، دەلالەتێکی ئەفسانەیی گەورەی تێدایە بۆ برەودان‌و بڵاوکردنەوەی دەروێشی لە نێو خەڵکیدا، گوایە جۆرێك هێز و توانای سۆپەری دەست دەکەوێت کە لە مرۆڤی ئاساییدا نین، ئەمە بێجگە لەوەی لە زمانی ڕۆژانەدا وشەی کەرامات جۆرە گۆڕینێکی فۆنەتیکی تێدا کراوە، کە لە وشەی (کەرامەت)ی مرۆیی نزیك دەکرێتەوە. جا هەرچەندە وشەی (تەڵقیندان) وشەیەکی تایبەتی ئایینی ئیسلامە، بەڵام وشەیەکی گونجاو و پڕ بە پێستی ئەو زاراوەیە– وەرگێڕی کوردی}.

مەبەستمان باسکردنی هەموو ئەو ئەفراندنە ئایینی و فەرهەنگییە گرنگانە نییە، کە دیداری مردن دروستیان دەکات. دەتوانرێت بە دوورو درێژی دەربارەی ڕێوڕەسمی باووباپیران و قارەمانان یان دەربارەی ئەو سروت‌و نەریتانەی تایبەتن بە گەڕانەوە کۆمەڵییەکانی مردووان قسە بکرێت، کە بریتییە لە گەڕانەوەیەك کە هەندێك لە لێکۆڵیاران سەرەتاکانی هونەری درامایی تێدا دەبیننەوە. بۆچوونمان دەربارەی ڕەچەڵەکی تراژیدیا هەرچییەك بێت، لێ بە دڵنیاییەوە ئەو مەراسیمانەی بە هۆی گەڕانەوەی وەرزییانەی مردووەکانەوە ساز دەکران، پاشخانی لەدایکبوونی نمایشکردنێکی شانۆیی ئاڵۆز

بوون، کە ڕۆڵێکی شایستەی لە زۆر فەرهەنگی میللیدا گێڕاوە.

ئەزموونەکانی حاڵێهاتنی شامان، واتە گەشتەکانیان بەرەو ئاسمان، یان لە جیهانی مردوواندا، ڕۆڵێکی گەورەی لە دەوڵەمەندکردنی خەیاڵدا بینیوە، چونکە ڕەوشی حاڵێهاتن، بەگوێرەی ئەوەی دابڕانێکی کاتیی ڕۆحە لە جەستە، ئەوسا –و تەنانەت ئێستاش– بە پێشهاتکردنێکی مردن دادەنرێت. بە هۆی توانای شامانەوە لە گەشتیدا بۆ جیهانە ڕۆحییەکان و بینینی بوونەوەرە میتافیزیکییەکان (خواوەندەکان – شەیتانەکان – ڕۆحی مردووان) ئەوا شامان بەوە بەشدارییەکی زۆری لە ناسینی مردندا کردووە:

"دەشێت ژمارەیەکی گەورەی ڕواڵەتەکانی "جوگرافیای تەرمستان"(3) و هەروەها هەندێك بابەتی میسۆلۆژیای مردن، ئەنجامی ئەزموونە وەجدییەکانی شامان بن. ئەو دیمەنانەی لە میانەی گەشتە حاڵێهاتووەکانیدا بۆ ئەو دونیا بەر دیدەی دەکەون، بە وردی وەسف دەکرێن، ئەوەیش وەسفێکە شامان خۆی لە میانەی ماوەی بێهۆشیداو پاش ئەو ماوەیە دەیکات. بەو چەشنە جیهانە نەناسراو و ترسناکەکەی مردن دەبێتە خاوەن شێوەو بە گوێرەی نموونەگەلێکی دیاریکراو ڕێك دەخرێن تا دەگاتە ئەوەی بونیاتێك وەردەگرێت، پاشان و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار دەبێتە شتێکی پێ ڕاهاتوو و ماقوڵ و کەسایەتییە نیشتەنییەکانی ئەودنیایش دەبنە بوونەوەری بینراو، لە شێوەیەك لە شێوەکاندا دەردەکەون، پێناسەو تەنانەت سەرگروشتەی ژیانیشیان هەیە. وردە وردە جیهانی مردووان دەناسرێت و خودی مردن بەهایەکی دەست دەکەوێت بەگوێرەی ئەوەی، بەتایبەتی، سرووتێکی گواستنەوەییە، کە پێدا تێپەڕینی دەبێتە هۆی دروستکردنی شێوازێکی بوون/ی ڕۆحی.

لە کۆتاییدا دەتوانرێت بوترێت ئەو سەرگروشتانەی لە ئەنجامی گەشتە حاڵێهاتووییەکانی شامانەوە هاتوونەتە ئارا بە شێوەو وێنەی قەشەنگ بەشداری لە ڕۆحانیکردنی جیهانی مردووان و دەوڵەمەندکردنیدا دەکەن".

لێکچوونێکی سەرنجڕاکێش لە پەیوەندییەکانی نێوان حاڵێهاتنە شامانییەکان و هەندێك بابەتگەلی داستانیدا هەیە، کە ئەدەبی دەماودەمی سیبریا و ئاسیای ناوەڕاست و بۆلینیزیا و هەروەها لای هەندێك لە خێڵەکانی ئەمریکای باکوور پڕن لەو چەشنە داستانانە. وەك چۆن شامان لە پێناوی گەڕاندنەوەی ڕۆحی نەخۆشدا لە جیهانی نادیاردا مەللە دەکات، ئاوایش پاڵەوانی داستان ڕێگای جیهانی مردووان دەگرێتەبەر، کە دوای چەندەها سەرچڵی (مغامرة) لە گەڕاندنەوەی ڕۆحی مردوواندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.

ئەفسانەکان لێوالێون لەو سەرگوزشتە درامیانەی کە دەربارەی گەشتکردن بۆ ئەو ناوچە خورافییانەی دەکەونە پشت ئۆقیانووسەکانەوە یان دەکەونە سەر خاڵی ئەوپەڕی دونیا، دەدوێن. مەحاڵە جارێکی تر وێنەی ڕەچەڵەك یان مێژووی ئەو جوگرافیا تەرمستانانە بکێشرێتەوە، بەڵام هەر هەموویان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە پەی پێبردنە جیاوازەکانی دونیاکەی ترەوە گرێدراون، هەرە پێڕاهاتووەکەیان بریتییە لەوەی باوەڕی وایە: جیهانێکە لەژێر زەویدا یان جیهانێکی ئاسمانییە – جیهانێك لەودیوی سروشتەوە.

پاشتر دەگەڕێینەوە بۆ ئەم جوگرافیا ئەفسانەییانە، لێ ئێستا با هەندێك نمونەی پابەند بە پەی پێبردنی مردن، بەو پێیەی پەی پێبردنێکی "داهێنەرانەیە" باس بکەین. لەڕاستیدا دانانی مردن بە گواستنەوەیەك بۆ شێوازێکی تری باڵای بوون، مردن دەکاتە نمونەیەکی ئایدیایی و هەموو گۆڕانێکی مانادار لە ژیانی مرۆڤایەتیدا. نمایشکردنی ئەفلاتونیانەی فەلسەفە بەوپێیەی پێشبینیکردنی مردنە، لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا بوو بە مەجازێکی شکۆدار، بەڵام ڕەوشی ئەزموونە

سۆفیگەرییەکان بەو شێوەیە نەبوو، هەر لە فێلێهاتنە شامانییەکانەوە تاوەکو ئەوەی گەورە سۆفییەکانی ئایینە گەشەکردووەکان پێی ئاشنا ببوون. قەشە، ئیدی ئەگەر هیندی بێت یان مەسیحی، لە دونیادا "دەمرێت"، واتە ژیانە دونیاییەکەی ڕەت دەکاتەوە: "ئەو لە دونیادا مردووە" {واتە لە ژیانی ڕۆژانەیدا وەکو مردوو وەهایە– وەرگێڕ}. هەمان شتیش بە لایەن سۆفییەکانی جولەکە و موسڵمانانەوە.

هەموو ئەم هاوکێشە داهێنەرانە –ئەو سیمبوڵ و مەجازانەی زادەی بڵندکردنەوەی مردنن بۆ پلەی دانانی بە ئەلگۆیەکی ئایدیایی هەموو گۆڕانێکی گرنگ– جەخت لەسەر ئەرکە ڕۆحییەکەی مردن دەکەنەوە، بەو پێیەی گۆڕانی مرۆڤە بۆ تارماییەك، ئیتر ئەو تارماییە ڕۆح یان نەفس یان تەنێکی بەهەڵم بوو یان هەر شتێکی تر بێت. سەرباری ئەوەیش بەهۆی وێنە و سیمبوڵی پەیوەندیدار بە لەدایکبوون یان تازەبوونەوە یان بووژانەوەوە، واتە پەیوەندیدار بە ژیانێکی نوێ و خاوەن توانای بەرفراوانەوە، گوزارشت لە گۆڕانە ڕۆحییەکان دەکرێت. ئەم جیاوازییە کەلێنێك لە نێو کۆنترین لێکدانەوەکاندا دروست دەکات، ئەوانەی لە مردندا خاڵێکی دەستپێکردنی شێوازێکی نوێی بوون دەبیننەوە.

لەڕاستیدا دووفاقییەکی سەرسوڕهێنەر، بەڵکو ناکۆکییەکی شاراوە لە زۆر لە هەڵوێستە سروتییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی مردندا هەیە. تێبینی دەکرێت بەرزو پیرۆز ڕاگرتنی ڕۆحانییەتی مردن بگاتە هەچ ئاستێك، کەچی هێشتا حەزی مرۆڤ بەرامبەر جەستە و ژیانی بەرجەستەیی خۆی لە هەموو شتێك بەهێزترە. ڕاستە ئەبۆرجینییەکی ئوستڕالی، وەك Lloyd WARNER دەڵێت، لە میانەی مردنەکەیدا دەبێتە ڕۆحانی و پاکژ دەبێتەوە، وەلێ ئەو گۆڕانە بە ئاسودەییەوە پێشوازی ناکرێت. بەڵکو لە سەراپای ئوسترالیادا کاتێك یەکێکیان دەمرێت، ئەوە هەستکردن بە تەنگژێکی ئەشکەنجەدار دەوروژێ، بە شێوەیەك کە شیوەن (هاوار و ناڵە)ی ژنان و ئەو برینانەی لە سەریاندا دروستی دەکەن {لە ئەنجامی قژ ڕنینەوەدا – وەرگێڕ}، بە مەبەستی خوێنڕژان و هەندێك ڕواڵەتی تر، گوزارشتن لەو ئازار و بێهیواییەی گەیشتۆتە ئاستێکی سەرشێتانەی ڕاستەقینە. "بە دڵنیاکردنەوە نەبێت، کە تۆڵەی مردووان دەستێنرێتەوە، تورەیی و ئازاری بەکۆمەڵی کۆنترۆڵ ناکرێت".

### ئامادەبوونی فرەچەشنەیی ڕۆحی مردوو: ناکۆکی

زۆربەی ئەم بیرۆکە ناکۆکانە تایبەتن بە گرفتی نیشتەجێبوونی ڕۆحەوە. ئەوە باوەڕێکی گشتییە، کە مردووان سەردانی شوێنە پێڕاهاتووەکانی خۆیان دەکەن، سەرباری ئەگەری هەمانکاتەی بوونیان لە گۆڕ و لە دنیاکەی تردا. موفارەقەی ئەم ئامادەگیبوونە فرەچەشنیەی ڕۆح لێکدانەوەی فرەجۆری هەیە، ئەویش بە گوێرەی جیاوازیی سیستەمە ئایینییەکان، بە جۆرێك جەخت دەکرێتەوە لەسەر ئەوەی کە بەشێکی ڕۆحی مردوو، لە نزیك ماڵەوە یان لە نزیك گۆڕەکەی دەمێنێتەوە بەڵام ڕۆحی "بنچینەیی" ڕوو دەکاتە مەملەکەتی مردووان یان لە چاوەڕوانیکردنی پێڕاگەیشتن بە تاقمی مردووانی جیهانەکەی تردا، ڕۆح ماوەیەك خۆی لە تەنیشت زیندووەکانەوە دوادەخات.

وێڕای ئەوەیش ئەم لێکدانەوانەو لێکدانەوەکانی هەرە تونددڕەوەکانیان هەروەك لای Ambroise قەشەی میلانۆ، بەڵام هێشتا هاوڕای ئەم وێناکردنەن. لاهوتی ناسی گەورە Ambroise پاش ئەوەی ساتیروس Satyrusی برای، کە ساڵی 379 مردووە، لە تەنیشت یەکێك لە شەهیدەکانەوە ناشتووە، ئەمەی خوارەوەی لەسەر گۆڕەکەی نووسیوە: " ئەمبرۆس، ساتیروس/ی برای بە جۆرێکی تر ناشتووە، زۆربەی ئایینەکان بە شێوەیەکی شاراوە دان بە بوونی هاوکاتیانەی مردووان لە گۆڕ و لە جیهانی ڕۆحیدا دەنێن، بێگومان ئەم بیرۆکەیە

نـەریتێکی میللیـی پـێش کریـستانیی زۆر بـڵاوی جیهـانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـتەو بیرۆکەیەکـە کلێـسا کتومـت وەك خۆی وەری گرتووە. بەڵام ساتیروس لە لای چەپی یەکێك لە شەهیدەکانەوەیە، خۆزگە خەسڵەتەکانی ئـەم خوێنـە (خوێنی شـەهیدەکە- وەرگێڕ) بڵاو دەبوونـەوە تـاوەکو جەستەی ئاو بدەن".

بـەو جـۆرە وێـڕای ئـەوەی پێویـستە سـاتیروس لـە ئاسماندا بێت کەچی خوێنی شەهید دەتوانێت کاریگـەری بخاتـە سـەر ساتیروسـی نێـو گۆڕەکـە. ئـەم بـاوەڕە بـە دوالیزمی نیشتەجێبوونی مردووان هیچ پەیوەندییەکی بـە بــــاوەڕی کریــــستانیزمییەوە نییــــە دەربــــارەی زیندووبوونـەوەی جەسـتەکان، چـونکە زیندووبوونـەوەی جەستە هەروەك ئۆسکار کولمان Oscar Cullmann ئامـــاژەی بـــۆ دەکـــات، پرۆســـەیەکی ســـەرلەنوێ خولقاندنەوەیـــە، کـــە ســـەرتاپای بوونەوەرەکـــە دەگرێتـــەوە..." ئـــەوەیش کردەیـــەکی " گرێـــدراوە بـــە زنجیرەیـــەکی گـــشتگیری خواوەندانـــەی تایبـــەت بـــە فریادڕەسیەوە".

قـایلبوونی نیمـچە گـشتی بـەوەی مـردووان، لـە یـەك کاتـدا، لـە زەوی و لـە جیهـانی ڕۆحیـدا بوونیـان هەیـە، دەلالەتێکی ڕۆشنی تێدایە. ئەو دەلالەتە -بە پێـچەوانەی بەڵگەنەویستەوە- ئـەو هیـوا گوزارشـت نـەکراوە ئاشـکرا دەکات، کە مردووان بـە شـێوەیەك لـە شـێوەکان توانـای بەشداریکردنیان لە جیهانی زیندووەکاندا هەیـە. ڕوودانـی مـردن -وەك بینیمـان- توانـای شـێوازێکی بـوون/ی ڕۆح دەبەخـشێت، بـەڵام زنجـیرەی بـەڕۆحانیکردن -بـە پێچەوانەوە- بەهۆی سـیمبۆڵ و خـوازە (إستعارە)ی لـە ژیانـــەوە وەرگـــیراو گوزارشـــتی لێـــدەکرێتو مەیـــسەر دەکرێت. لێرەدا مەبەسـتمان ئـەو لەبریدانانەیـە کـە لـە گۆڕانەکاندا هەیە، کە پرۆسە هەرە گرنگەکانی ژیـان وەك مـردن تەماشـا دەکرێـتو هـەروەها بـە پێـچەوانەوە: هاوســـەرگرتن بـــە مـــردن دادەنرێـــت و مـــردن بـــە لەدایکبوونو... تاد.

ئەم میکانیزمە ناکۆکە لە کۆتاییدا خەون یان ئومێدی گەیشتن بە ئاستێکی مانادار دەردەخات، کە تێیدا مردنو ژیـانو جەسـتەو ڕۆح، وەك ڕواڵـەت یـان وەك قۆناخـە دیالێکتیکیەکانی یەك ڕاستی، دەردەکەون، ئەمەیش -بـە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ- پاشماوەکانی بـاوەڕکردن بـە "ڕۆحی پوختـە"ی تێدایـە. بـە کـردەوە، بـە هـەڵاوێردنی ئـۆرفیزمو ئەفلاتونییـەتو ئەگنۆسـیزم (عیرفـان یـان سۆفیزم- وەرگێڕ)، دەتوانرێت بوترێت: ئـەنترۆپۆلۆژیای ئـەورووپی و خۆرهـەڵاتی ناوەڕاست، مرۆڤـی نموونـەییان تەنیا بە بوونەوەرێکی ڕۆحی دانەدەنا و بەس، بـەڵکو بـە ڕۆحێکـی بەرجەسـتەبوویان دادەنـا. وێنـاکردنی هـەمان شێوەیش هەن، کـە دەتوانرێـت لـە هەنـدێك لـە ئەفسانە کۆنەکاندا سەرنج بدرێن، لـەوەیش واوەتـر دەتـوانین لـەم ڕەوتانـەدا ئومێـدێکی ئـەودونیایی بـە زیندووبوونـەوەی جەستەکان هەست پێ بکەین ئەویش ئەو ئومێدەیـە، کـە زەردەشـتی و جـوویی و کریـستانی و ئیـسلام تێیـدا بەشدارن.

ئـەو ناکۆکییـەی زادەی بەراوردکردنـەکانی نێـوان سـیمبۆڵ و وێنـە لـە ژیـان و مـردن خواسـتراوەکانن، سەرنجی زانایـانی دەروون و زمانناس و فەیلەسوفەکانی ڕاکێشاوە، بەڵام تـاوەکو ئێـستا - لانـی کـەم لـە ئاسـتی زانیارییـەکانی ئێمـەدا -هـیچ مێژونووسـێکی ئـاینی بـە شێوەیەکی قایلکەر لە گفتوگۆکـەدا بەشـداری نـەکردووە، وێڕای ئەوەی مێژوونووسی ئـایینی دەتوانێـت ئـەو مانـا و مەبەستانە ئاشکرا بکات، کـە بـە بـیری لێکۆڵیـارانی تـردا نایەن.

موفارەقەی نێوان ئـەو بەراوردکردنانـە دەریدەخـەن، وێناکردنی تاکەکـەس بـۆ ژیـانو مـردن هەرچـۆنێك بێـت، وەلێ شێوەکان و قۆناخـەکانی مـردن بـە هەمیـشەیی لـە ئەزموونە ژیارییەکەیدا ئامادەن. ئـەوەی بـاس لـە بـوونی بـەردەوامی مـردن لـە ژیانـدا بکرێـت، مانـای تـەنیا جـەختکردنی حەتمیەتـە بایەلۆژییەکـەی نییـە. گـرنگ ئەوەیـە ئێمـە لـە هۆشـیارییەوە بێـت یـان لـە

ناهۆشیارییەوە، بە بەردەوامی جیهانە خەیاڵکراوەکانی مردن دەدۆزینەوە و بێماندووبوون، جیهانی تر دەئەفرێنین. بەڵگەی ئەوەیش ئەوەیە لە کاتێکدا، کە سەرقاڵی پیادەکردنی دیاردە زۆر توندوتۆڵ بە ژیانەوە گرێدراوەکانین، پرۆسەی مردن پیادە دەکەین.

**جوگرافیا تەرمستانە ئەفسانەییەکان**

لە پێناوی روونکردنەوەدا، با بگەڕێینەوە بۆ ئەو جوگرافیا تەرمستانانەی بابەتی قسەکردنەکانی سەرەوەیان پێکهێنا. مۆرفۆلۆژیای ئەم مەملەکەتە خورافیانە، زۆر بەپیت و ئاڵۆزن. نە لێکۆڵیارێك دەتوانێت شانازی بکات بەوەی هەموو بەهەشتەکانو هەموو شێوەکانی دۆزەخو هەموو جیهانە ژێر-زەمینییەکان و هەموو جیهانە ئاسمانییەکان ( بڵندەکان)ی مردووان دەناسێت و نە کەسێك دەتوانێت لاف لێبدات -و ئەم لاف لێدانەی بسەلمێنێت- کە هەموو ئەو توولەڕێیانەی بەرەو ئەو ناوچە سەیرو سەمەرانە دەچن شارەزایە، سەرباری شارەزابوونیشی لەو نیشانە و ڕواڵەتانەی لەسەر ئەو ڕێیانەدا هەن، وەك ڕووبارو پردو بەلەمو دارو درەختو سەگو پاسەوانان، ئیدی شەیتان بن یا فریشتە، ئەمە بێ ناوهێنانی هەموو ئەو نیشانانەی لە سەر ڕێی ڕۆیشتن بەرەو نیشتمانی بێگەڕانەوە هەن و بە زۆری ناویان نایەت.

ئەوەی بە لامانەوە گرنگە ئەم فرە جۆرییە بێکۆتاییەی جیهانە لە ئەقڵ بەدەرەکان نییە، هێندەی ئەوەی بە لامانەوە گرنگن بەو پێیەی -وەك وتمان- بە بەردەوامی تێشو بە خەیاڵمان دەدەنو چالاکی دەکەن. ئەو منداڵانەی یاریی "خەتخەتێن" دەکەن، ئەورووپی بن یان ئەمریکی، بێئاگان لەوەی سروتێکی تەڵقیندان بەرهەم دەهێننەوە، کە ئامانجی چوونە نێو جیهانێکی پڕ پێچ و پەنا و پاشان بە سەلامەتی و بێ ئازار پێگەیشتن هاتنە دەرەوەیە لەو جیهانە. یاریی "خەتخەتێن" سیمبوڵە بۆ دابەزین بۆ جیهانی مردووان و پاشان گەڕانەوە بۆ سەر زەوی.

ئەوە مەسەلەیەکی گرنگ و ئیلهامبەخشە، کە ئەفسانەکانی مردنو جوگرافیا تەرمستانەکان بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی هاوچەرخ پێکبهێنێت. ئەو پەندە فەرەنسییەی گەشتکردنو مردن چوونیەك دەکات: "ئەگەر (هەموو ڕۆژێك) گەشت بکەیت ئەوا هەموو ڕۆژێکت مردنێکە"، هەرچەندە زۆر دەوترێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا پەندێکی ئیلهامبەخش نییە. ئێمە تەنیا بە هۆی کۆچکردنەوە، واتە تەنیا بەهۆی بەجێهێشتنی شارێك یان وڵاتێکەوە (نیشتمانێکەوە)، پێشبینی یان هەست بە مردن ناکەین. نە زمانی ڕۆژانە بە ناو بردنە جیاوازە سەرنجڕاکێشەکانی دەربارەی بەهەشت و ئاگر (دۆزەخ)و ڕۆژی لێپرسینەوە، نە ئەو پەندە زۆرانەی زمان پەنای بۆ دەبات، دەتوانن هەق بدات بەو ڕۆڵە چالاکەی جیهانە خەیاڵکراوەکان لە ژیانی مرۆڤی هاوچەرخدا دەیگێڕن.

هەر لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە ڕەخنەی ئەدەبی بە ئاشکراکردنی میسۆلۆژیای مردن و جوگرافیاکانی لە ڕۆمان و شانۆ و شیعردا ئاشنا بووە. مێژوونووسانی ئایینی دەتوانن زیاتر لەوە ڕوونی بکەنەوە، کە زۆر لە هەڵوێستگیریو کردارەکانی ژیانی ڕۆژانە بە شێوەیەکی ڕەمزی بە شێوەو قۆناخەکانی مردنەوە گرێدراون. هەر ونبوونێك لە تاریکیدا، هەر ڕووناکییەکی کتوپڕ دیدارێك لەگەڵ مردندا دروستدەکات. دەتوانرێت هەمان شتیش دەربارەی هەر تاقیکردنەوەیەکی بە چیادا سەرکەوتن یان تاقیکردنەوەی سەفەرکردن بە فڕۆکە یان چوونە نێو قوڵایی دەریاکان یان گەشتێکی دوورودرێژ یان دۆزینەوەی ناوچەیەکی نەناسراو یان تەنانەت دیدارێکی بایەخدار لەگەڵ خەڵکێکی بێگانەدا بووترێت.

هەریەك لەم تاقیکردنەوانە دیمەنێك یان شێوەیەك و ڕووداوێکی سەر بە یەکێك لەو جیهانە خەیاڵکراوانەی لە

میسۆلۆژیاو فۆلکلۆرەوە یان لە خەونو وەهمەکانمانەوە وەریاندەگرین، دەهێنێتەوە یادو بەرچاومان. گرنگ ئەوەیە سەرباری نائاگاییەکەیان، کەچی ڕۆلێکی کارا لە ژیانماندا دەگێڕن. بەلگەی ئەوەیش بریتییە لەوەی مەحالە بتوانین لە کارکردن و لە ساتی بیرکردنەوەماندا، لە کاتی پشوو یان لە کاتی گەمەکردنماندا، لە خەوتندا یان لە خەون بینینداو تەنانەت لەو تەقەللا بێهودەییەی دەیدەین تاوەکو بتوانین بخەوین خۆمان لەو جیهانە خەیاڵکراوانە دابڕین.

## مردن: هاوئاهەنگی ناکۆکەکان

لە گەلێك شوێندا دوالیزمی وێنەو خواستنە پابەندەکانی دووانەی (مردن/ژیان)مان تۆمارکرد. لە زۆر لە جیهانە خەیاڵکراوەکاندا، هەروەها لە زۆر لە میسۆلۆژیاو ئایینەکاندا، مردنو ژیان لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکیدان. بێگومان هەندێك لە ڕەنگدانەوە تەرمییە ترسناکەکان جۆرێك دێوەزمە دەوروژێنن، بەلام لەو حالەتانەدا هەمیشە لە بەردەم ئەزموونە تەلقینیەکانداین، وێڕای ئەوەی بە دەگمەن بەئاگاین لەو ئەزموونانە. بەگشتی دەتوانرێت بوترێت تەنانەت مرۆڤی خۆرئاوایی هاوچەرخیش، سەرباری تێنەگەیشتنی لە مەسەلە ئایینییەکانو بێدەربەستییەکەی سەبارەت بە گرفتی مردن، کەچی هێشتا بە هەمیشەیی لە ململانێدایە لەگەڵ ئەو دیالێکتیکە نامۆیەی بەسەر بیرکردنەوەی باووباپیرە کۆنەکانیدا زاڵ ببوو.

مردن دەبێتە شتێکی ناماقوڵ ئەگەر بەم یان بەو ڕێگە پەیوەندی بە شێوەیەکی نوێی بوون/ەوە نەبێت، ئیتر وێناکردنی ئەو شێوەیە بە لامانەوە هەرچۆنێك بێت: لەدایکبوونێکی نوێ بێت یان کۆپیبوونەوەی ڕۆح، یان ئەبەدیبوونی رۆح، یان زیندووبوونەوەی جەستەکان بێت. زۆرن ئەو نەریتانەی ئومێدی بەدەستهێنانەوەی نەمریی بە زیندوویی ڕادەگرن. واتە لە کۆتاییدا ئەو تەنیا چارەسەرەی باووباپیرە ئەفسانەییەکانی قایل دەکرد –ئەگەر بتوانین ئەفسانەی ئەندۆنیسی وەك سەرچاوە وەربگرین– بریتی دەبوو لە هەڵبژاردنی بەردو مۆزەکە لەیەك کاتدا، چونکە ئەو دووانە کاتێك لە یەکتر دوور بن ناتوانن تاسە ناکۆکەی مرۆڤ تێر بکەن، ئەوەی کەوا لێوانلێوی زیندەگیو ژیان بێتو لەهەمان کاتیشدا نەمری هەبێت، واتە تێرکردنی ئارەزووی لەوەی لە ڕەوشێکدا بژی، ژیانو نەمری تێدا کۆ ببنەوە.

ئەم ئارەزوو و مەیلە ناکۆکانە لای مێژوونووسی ئاینی شتێکی ئاساییین. لە زۆر لە داهێنانە ئایینییەکاندا بە مەبەستی گەیشتنە جۆرێك لە هێورکردنەوەی دژەکان، واتە بۆ گەیشتن بە یەکەیەك هەموو دژەکان ڕەت بکاتەوە، ویستی تێپەڕاندنی ناکۆکی و دژ بەیەکی و دوالیزمی دەخوێنینەوە.. بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەوە دەتوانرێت بوترێت وێناکردنی مرۆڤی نموونەیی، بوونەوەرێکی وەك نێرەمووکە، جا چۆن نێرەمووك ئاوێتەیەکە لە ژن و پیاو، ئەوا مرۆڤی نموونەییش ئاوێتەیەکە لە ژیان و نەمریی.

پێکەوە کۆبوونەوەی دژەکان، هەروەك ئاشکرایە باوەڕێکە ئەنتۆلۆجیاو ڕێبازە فریادڕەسییە هیندییەکانی پێ دەناسرێتەوە. ڕەنگە یەکێك لە قوڵترینو بوێرترین لێکدانەوە (تەئویل) نوێیەکانی نەریتی ماهایانی – کە بریتییە لە ڕێبازی مادهیاماکا، ئەوەی ناکرجۆنا دایڕشت– ، ئەوەیە کە ئەم دیالێکتیکە تا ئەوپەڕی پەرە پێدەدات. چ شتێك لەوە بێزراوترە، لەوەش واوەتر چ شتێك لەوە زێتر تابۆشکێنە، وەك ئەوەی ناکرجۆنا ڕایگەیاند کە "هیچ شتێك نییە سامسارا Samsara لە نیرفانا Nirvana جیا بکاتەوە و هیچ شتێك نییە نیرفانا لە سامسارا جیابکاتەوە". ناکرجۆنا، لە پێناوی سەرفرازکردنی بیرکردنەوە لە ئارەزووە وەهمییەکانی زمان، کاری بۆ ئامادەکردنی دیالێکتیکێك کرد، کە تۆخترین و گشتیترین دژەکان پێکەوە بسازێنێت. بەلام بلیمەتییە ئایینی و فەلسەفییەکەی لێوانلێو بوو لە باوەڕە دژە پێکەوە گونجاوە بلاوەکانی سەرتاپای هیندستان: بوون و نەبوون ( الوجود والعدم)، نەمریی و بەردەوامیی زەمەن، ئاسوودەیی و ئەشکەنجەچەشتن.

بێگومان ناتوانین ئەم ئەفراندنە میتافیزیکییە هیندییە مەزنانە بخەینە هەمان ئاستی ئەو مەیلو شێوە ناکۆکانەی

ئارەزووەوە، کە لە پشت خولقاندنی جیهانە خەیاڵکراوەکانی مرۆڤی خۆرئاواییەوە شاراوەیە، لەگەڵ ئەوەیشدا لێکچوونە بوونیادگەرییەکەیان مەسەلەیەکی ئاشکرایە، ئەوەیش پانتاییەکی نوێو هاندەری لێکۆڵینەوەو پشکنین لەبەردەم فەیلەسوفان و زانایانی دەروونناسیدا ئاوەڵا دەکات. لەم بارەیەوە با سەرنجی هەوڵە هەرە قووڵو داهێنەرانە دووبارەبۆوەکانی بیریارە خۆرئاواییەکان بۆ زانینی دەلالەتی بوون/ی مردن بدەین. سەرباری ئەوەی مردن لە ئەنجامی عەلمانی بوونی خێرای کۆمەڵگای خۆرئاواییدا هەموو ناوەرۆکە ئایینییەکەی لەکیس داوە، لێ لە پاش بڵاوبوونەوەی "وجود و زەمان"ی هایدگەرەوە، ناوجەرگەی لێکۆڵینەوەی فەلسەفیی داگیر کردووە. ئەو سەرکەوتنە بێوێنەیە –و دەتوانرێت بوترێت ئەو ناوبانگە میللییە– ی لێکۆڵینەوە هایدگەرییەکان بەدەستیان هێنا، ئارەزوو و مەیلی مرۆڤی نوێ بۆ زانینی نهێنی بوون/ی مردن دەردەخات.

پێویستمان بە پوختەکردنی بەشدارییە گرنگەکەی هایدگەر نییە، وەلێ پێویستە تێبینی بکەین، ئەگەر هایدگەر بوونی مرۆیی وەك "بوونی مردن" وەسف دەکردوو مردنی بە "ئەوپەڕی توانای بوون/ وجود" دادەنا، ئەوا هایدگەر پێی وەها بوو مردن بریتییە لەو پەناگەیەی بوونەوەر پەنای بۆ دەبات، هەروەك ئەوەی پەنا بۆ قەڵای چیایەك بەرێت، یان بە دەربڕینی هایدگەر، مردن بریتییە لە " گڵکۆی عەدەم، کە ئامادەییبوونی وجود لە خۆیدا حەشاردەدات".

زۆر سەختەو بەڵکو مەحاڵە دەرئەنجامە فەلسەفییە بنچینەییەکانی هایدگەر لە دەربڕینێکی ساکارو ڕۆشندا کورت بکرێنەوە. بەلای هایدگەرەوە مرۆڤ لە بواری ئەقڵانیکردنی مردنەوە دەتوانێت پەی بە خودی خۆی بەرێتو پاشان بە ڕووی وجوددا بکرێتەوە، بەڵام تاوەکو مردن "ئامادەگیبوونی وجود لە خۆیدا حەشار بدات" ئەوا دەشێت بیرکردنەوەی هایدگەر وەك توانایەك بۆ گەیشتن بە وجود لە میانەی پرۆسەی خودی مردنەوە لێك بدرێتەوە. سەرنجی خوێنەر لەسەر ئەم لێکدانانەوانە بەرامبەر هایدگەر هەرچییەکی بێت، لێ گرنگ ئەوەیە هایدگەر بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن پێکەوە ژیانی ناکۆکانەی ژیان و مردن، وجود و عەدەمی ڕۆشن کردەوە.

شیکردنەوە هایدگەرییە وردەکەی "ئامادەگیبوونی فرە شێوەی مردن لە قوڵایی ژیانداو ونبوونی نادیارانەی وجود لە عەدەمدا" –بەشێوەیەکی تایبەت– مێژوونووسی ئایین هان دەدات. ڕەنگە مێژوونووسی ئایین سەرپشکیو ئاسودەیی گەورەی خۆی لەوەدا ببینێتەوە، کە بەردەوامیی بیرکردنەوەو وێناکردنی مرۆیی هەر لە قۆناخی پێش مێژووەوە تاوەکو ڕۆژانی ئێستامان ئاشکرا دەکات، بە دەستپێکردن بە ئەفسانە ساویلکانەو نهێنیدارەکانی وەك ئەفسانەی بەردو مۆز تاوەکو دەگاتە "وجود و زەمان"ی مەزن و پڕ لە نهێنی ....

## پەراوێزەکان:

(1)کۆمەڵگای لە مێژینە، کۆن، ڕەسەن یان کۆمەڵگای تەقلیدی، زاراوەیەکن بەشێك لە زانایانی ئەنسرۆپۆلۆژی و ئەفسانەناسان، لەوانەیش فراس السواح، لەبری زاراوەی کۆمەڵگای سەرەتایی یان دواکەوتوو بەکاری دەهێنن، چونکە پێیان وایە ئەو کۆمەڵگایانە لە ڕەوشێکی سەد لە سەدی سروشتی خۆیاندا دەژین و هەموو جیاوازییەکە بریتییە لەوەی ئەوان، هێشتا، نەگەیشتوون بەو ئاستەی گەلانی تری پێشکەوتوو پێیگەیشتوون– وەرگێڕی کوردی.

(2) شامان: پێشەوا و زانای ئایینی، یان جادووگەرە لە کۆمەڵگا تەقلیدییەکاندا، کاهین یان قەشە یان مەلا لە ئایینە یەکتاپەرستییەکاندا جێگایان دەگرنەوە. Chamanism شامانیزم: ئایینێکی سەرەتایی باکووری ئاسیا (سیبریا)و ئەمریکای باکوورە – وەرگێڕی کوردی.

(3) مەبەست ئەو شوێنانەیە کە جێی کۆبوونەوەی تەرم یان ڕۆحی مردووانە، واتە ئەو جیهانە میتافیزیکییەی لە ئایینە یەکتاپەرستییەکاندا پێی دەوترێت بەرزەخ، قیامەت یان جیهانی مردووان – وەرگێڕی کوردی.

***ئەم وتارە لە ژمارە 32 ی گۆڤاری الادب والنقد/ەوە وەرگیراوە، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: محمد یشوتی.**